Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080314

# له نێوان ئەفسونی ئەدەب و فەنتازیای سینەمادا:
# هەوڵێك بۆ شیکاری رەگەز و بنەما سەرەکییەکان و بەرگوزارکردنی دنیای کوردی

دڵشاد مستەفا

کۆلێجی هونەر ، زانکۆی سلێمانی

## Article Info

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

## Keywords

فەنتازیا ، ئەدەبی ئەفسونی ، سینەما ، دنیای کوردی ، ریالیزم .

## Corresponding Author

dilshad.razawa@univsul.edu.iq

## پوختە

دۆزینەوەی لەمپەری نێوان واقیع و خەیاڵ لە دنیا پڕ لە ئەفسونەکەی ئەدەبدا ئاسان نییە ، چونکە ئەدەب خۆی بونیاتنراوێکی خەیاڵە و واقیع وەك جۆرێك لەباکگراوند لەپشت بەرهەمهێنانی ئەدەبەوە کار دەکات . لە سەرەتای پۆلێنکردنی رێبازە ئەدەبییەکانیشەوە و بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر دۆخی بەرهەمی ئەدەبیدا دێت لەگەڵ گۆڕانی سەردەمەکاندا ، فۆرمی جیاواز و ستایڵی کارکردنی جیاواز دێنە کایەوە . ئەم دۆخە کە دەگوێزرێتەوە بۆ نێو دنیای هونەریش بەهەمان میکانیزم کاردەکات و وردەکاری هونەریش وەک کردەیەکی مرۆیی و ژیاری دەخاتە سەر . لە دۆخی سینەمادا کەمێك چڕتر کار دەکات و دەچێتە نێو هەندێک بواری ئەفراندنی جیاوازەوە ئیدی هاوکاتی ئەدەب بێت یان وەک فۆرمێکی تایبەت خۆی بنەما و رێساکانی خۆی دابڕێژێت . لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، ریالیزمی ئەفسونی ستایڵ و فۆرمێکی مشتومڕ ئامێز بووەو ناساندن و ناسینەوەی وەك فۆرمێکی ئەدەبی و هونەری جێی بایەخ و سەرنجی نێوەندە ئەکادیمییەکانی بۆ خۆی کەمەند کێش کردووە. بۆیە کارکردن لەسەر ئەو تێرمە هێند سانا نییە بەتایبەتی کە دەچێتە نێو دنیای سینەماوەو تێکەڵاوی سینەمای گەلان دەبێت . ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵات وەك دوو نیشتمانی سەرەکی چیرۆکی میللی و بڕوابوون بە غەیبانییەت و تێکەڵاو بوون لەگەڵ هەندێك بڕوای جیاواز لەوەی لە کۆمەڵی خۆرئاوادا هەیە و مانەوەی هەندێك لەنەریت و ئاینە دێرینەکان، بۆتە هەنجەتی ئەوەی وەک سەرزەمینی گەشەسەندنی ئەو فۆرمە لەئەدەب و هونەر وێنا بکرێت . نیشتمانی کوردیش وەک بەشێک لەو خۆرهەڵاتە ئەفسونییە پێگەی خۆی لەو کایەیەدا دەدۆزێتەوە .بۆیەئەم توێژینەوەیە لە پێناو راڤەکردنی دۆخی جیاوازی پەیوەندییەکانی ئەدەبی ئەفسونی و سینەمادا. ئەم هەوڵە گەڕانێکی قوڵ دەکات بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ڕوانینێکی نوێ لەلایەک دەربارەی ئەو پەیوەندییە جەوهەرییە و لەلایەکی دیشەوە ڕاڤەی دنیای کوردی دەکات و پەیوەندی و ئەگەرەکانی شیدەکاتەوە . هاوکات ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ هێنانە گۆی ئەو پانتاییە نادیارەی نێوان ئەفسونی ئەدەب و فەنتازیای سینەما لەڕێی شیکردنەوەی ئەوەی لە ئەدەبەوە دەکرێت بگۆرێتە سینەما و توانستی بەشداریکردنی ئەدەب لە بونیاتنانی خەیاڵێکی سینەمایی جیاواز لە واقیعێکی روت . پاشان بە سود وەرگرتن لەو سروتانەی دەچنە نێو پۆلێنی ئاین و کەلتووری کۆمەڵایەتییەوە ئاخۆ دەتوانرێت چ جۆرە گوزارشتێکی جیاواز و سەنجبەر بەرهەم بهێنرێت تا لە سەر هەردوو بونیادەکە کار بکات ، ئەدەب وەک بەرهەمهاتوی زمانێکی نوسراو و سینەما وەک پانتاییەکی وێناکراو و هێمایەکی بینراو.

## پێشەکی

### کێشەی توێژینەوەکە :

کایەکانی سینەما و ئەدەب جۆرێك پێکداچوونیان لە نێوانداپە و لەهەندێك شوێنیشدا لەگەڵ یەکتر ناکۆك و دوورن. دۆزینەوەی پانتایی لێکچوون و جیاوازییەکان تا ئێستا لە نێوەندی ئەکادیمی و هونەری کوردیدا بە هیچ شێوەیەك کاریان لەسەر نەکراوە . بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە وردی کار لەسەر ئەو دۆخە بکات و شیکاری نوێ بخاتە سەر هەوڵی توێژەرانی تر کە بەزمانەکانی دی لەو کایەیەدا کاریان کردووە . هاوکات بەراوردکردنی ئەو بنەما سەرکییانەیە بە دنیای کوردی و دۆزینەوەی ئەو کۆدانەی ئەدەب و سینەما لە دنیای کورددا بۆ خولقاندنی ئەو پردی پەیوەندییە لەگەل ئەوەی لە دنیای دەرەوەی خۆیاندا دەگوزەرێت دەهێننە بوون.

### ئامانجی توێژینەوەکە :

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ، پێشکەشکردنی هەندێك زانیاری نوێیە لەقاڵبێکی ئەکادیمیدا ، دەربارەی بابەتێك کە پێشتر کاری لەسەر نەکراوە و نێوەندی ئەکادیمی و هونەری و ئەدەبیش زۆر بەکەمی خۆیان لەو جۆرە بابەتە نزیك بوونەتەوە . پاشان کارکردن لەسەر دنیای کورد ونزیکبوونە لە ئەگەری بوونی ئەو کایەیە لە نێوەندی ئەدەبی و هونەری کوردیدا . هەڵبەتە سەلماندنی بەشداری کردنی کورد لە گەشەی ئەو کایەیە لە خۆرهەلاتدا، پێگەیەکی لەسەر نەخشەی ئەدەبیات و هونەر لە دنیادا پێ دەبەخشێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان دەیکات بەبەشێک لەو دنیا سەرنجبەرەی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا، رەخنەی ئەدەبی و هونەری ئەوروپایی و تارادەیەک جیهانیشی بە خۆیەوە سەرقاڵکردوە .

### سنووری توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە لە نێو دنیای ئەدەب و سینەمادا کاردەکات و ڕەگەزەکانی هەردوو چالاکییە مرۆییەکە لە پەیوەندییاندا لە واقیع و دواتر ئاڵۆگۆڕەکانی و پەرەسەندی بەرەو جۆرێکی دی لە ڕیالیزم بەکاردەهێنێت . سنووری کارکردنی ئەدەب و سینەمای جیهانە و پاشان بە شێوەیەکی وردتر لە دنیای کوردیش نزیك دەبێتەوە. .

### گرنگی توێژینەوەکە :

گرنگی توێژینەوەکە لە خودی بابەتەکەوە سەرچاوە دەگرێت . سینەما و ئەدەب دوانەیەکن مێژوویەکی دێرینیان لە پەیوەندی هەیە . گەڕان بە شوێن جێکەوتەوەکانی ریالیزمی ئەفسونی لە ئەدەب ودواتر گواستنەوەی بۆ دنیای سینەما و جیاوازییەکانی نێوان ئەفسونی ئەدەب و فەنتازیاکانی سینەما لە ڕوی تەکنیك و شێوازی گێرانەوەوە. ئەو کایە فرە هەستیارە تا ئێستا دەستی بۆ نەبراوەو هیچ توێژنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەو بوارەدا نەکراوە ، بەتەنها توێژەری ئەم بابەتە پێشتر و لە وتارێکی تایبەتدا و لە گۆڤاری گەلاوێژی نوێ دا سەرەتایەکی دەربارەی ئەم مەسەلەیە بە کورتی و پوختی وروژاندوە ،بۆیە ئەم هەوڵە گرنگی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە درێژکراوەی هەوڵێکی پێشترە و وردتر و زانستی تر ڕۆچۆتە نێو هەردوو کایەکەوە و دواجار دنیای کوردی تێدا بەرگوزارکراوە بەبەراورد بەوەی لە کایەکانی دەرەوەیدا و لەو بوارەدا هەیە .

### پاشخانی تیۆری

کرانەوەی خەیاڵی ئینسان بەودیو سروشت و واقیعی بیناوی بەردەمی خۆی هێندەی تر پانتاییەکانی گوزارشتی لە نێو ئەدەبدا واڵاکرد و لەوێوە نوسین پێی نایە قۆناغێکی تری جیاوازتر لەوەی هەیە . ئەم گریمانە لەسەرەتاکانی دوورکەوتنەوە لە ناچرالیزمەوە دەست پێدەکات و تاهەنوکەش بەردەوامە ، ئەو خولیایەی دەیەوێت نوێتر لەوەی هەیە بێنێتە بوون تامی ژیان شیرینتر دەکات ، گەرنا وەرس بوون لەدووبارە بوونەوە ئەو عیشقەی ئینسانی بۆ مانەوە خەفە دەکرد وئیدی برِستی بەرگەگرتنی نەدەما .

ئەدیبان چەند هەنگاو بۆ شکاندنی تەلیسمە توندەکانی حەقیقەت هەڵبنێن ئەوەندە پێیان دەکەوێتە نێو کێڵگە ئەفسوناوییەکانی خەیاڵەوە و ئیدی ئەو دنیا نوێیە لەگەڵ وەرگردا مامەڵەی خۆی دەکات و هەریەکەیان بەکەرەستەکانی خۆیەوە دێت و لەبەرامبەر ئەوی دیدا دەوەستێت . خوێنەر هەموو کەرەستەکانی سەلیقە و هۆش دەخاتە گەر بۆ دۆزینەوەی رایەڵەکانی ئەو دنیایەو بەرهەمهاتوە ئەدەبیەکانیش بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی چێژ ئەو فاکتەرەی بە رای رۆلان پارت وەرگر گیرۆدە دەکات و ناچاری مانەوەی دەکات .

هەڵبەت دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی خۆرئاواییدا بەگشتی و گیرۆدەبوون بە داهێنراوەکانی سەردەمی مۆدێرنەوە ژیانی ئەو کۆمەڵانە و تاکەکانی بە جۆرێك دەستکاری کردوە کە هەست و نەستە مرۆییەکانیان بە ئاقاری جیاواز لە نیگەرانی و دردۆنگیدا برِوات . رەخنەگرانی سەردەمی مۆدێرنە گەلێك زۆرن و ناکۆکی زۆریش لەنێوان شیکارییەکانیاندا دەبینین . بۆ نموونە هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ ، لە (دیالکتیکی رۆشنگەری) دا وا دەبینن کە سەدەی بیستەم ، زۆربنەی چەمکەکانی دەستکاری کرد ، خواستی ئازادکرنی مرۆڤی گۆری بۆ سستمێك لە چەوەساندنەوە بەناوی ئازادکرنی مرۆڤەکانەوە ، هەموو وێرانییەکانی جەنگەکان دەخەنە ئەستۆی مۆدێرنە و نموونەی سەرهەڵدانی کاراکتەری وەك هێتلەر و ستالین بەبەرهەمهێنراوی مۆدێرنە لەقەڵەم دەدەن. چونکە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت ، کۆنترۆڵکردنی مرۆڤی لەگەڵ خۆی هێناو دواجار ئەو دۆخە گەیشتە بەرهەمهێنانی ( مۆتەکەی زەلیلکردنی خود)(هارڤی :٢٠٠٥:٣١).

هەمان ئەو دۆخەیە کە نیتشە دژایەتی دەکات و پێی وایە کە ( لەژێر ڕوکاری ئەو ژیانە مۆدێرنەی بە مەعریفە و زانست داپۆشراوە ، هەندێك هێزی پاڵنەری شاراوەهەن ، شەڕانگێز و سەرەتایین و دابڕاون لە هەر ئەدگارێکی بەزەیی)( سبیلا : ٢٠٠٦: ٣٦) . دواجار ئەم تێزانە فرۆید دەگەێنێت بەو بروایەی سەردەمەکە زۆر شتی لە مرۆڤەکان شێواندووە تا ئەودۆخەی خواستی گەرانەوە بۆ پێشمۆدێرنە بە ڕەوا دەبینێ ( ئەوەی بەشارستانیمانی ناو دەبەین دەبێت بە رادەیەکی زۆر ئاکامی بەدبەختییەکانمانی بخەینە ئەستۆ ،وازهێنان لەم شارستانییەوە گەرانەوە بۆ دۆخی سەرەتایی بەختەوەرییەکی زۆر زیاترمان بۆ دەستەبەردەکات)(فرۆید :١٩٧٧ : ٣٧).

کەواتە دۆخی سەردەمەکە جۆرێك لە ئەدەب و هونەر دەخوازێت ، یان دەسەپێنێت کە گەرانەوە بۆ سەرەتا سادەکانی مرۆڤ کایەی کارکردنی بێت ، ستایلێك کە مرۆڤ لەو نەهامەتییانەی سەردەمی مۆدێرنە بەرێتە دەرەوەو بەجۆرێك لەجۆرەکان بە ناوەوەی خۆی و بروا سادەو ساکارەکانی خودی خۆی لە پێشیندا ئاشنا بکاتەوە . دەربازبوون لە هەژموونی داهێنراوەکانی مۆدێرنە هەروا سانا نییە ، بۆیە بەشێك لەو فۆرمانەی ئەدەب ، کە کایەی کارکردنیان لەو رۆتینە بێزارکەرەی ژیانی خۆرئاوایی دەگوێزنەوە بۆ پانتاییەکی دی کە خەیاڵ و بروای سادە کۆنترۆڵی دەکەن پێشوازییەکی گەورەیان لێ دەکرێت .

نزیکترین ستایلی ئەو جۆرە لە تێپەراندن  بە زەینی ئێمە دەشێت بە ریالیزمی ئەفسونی بناسین و دنیا تەلیسماوییەکەی ( مارکیز و ئەستۆریاس و بۆرخیس و ئۆکری و سەلیم بەرەکات و بەختیار عەلی و عەباسی مەعروفی و خوان تۆبار) وچەندەهای تر .

بەشێکی زۆر لەو هەوڵانەی ئەدەب بۆ روانین لەژیانە وەک دیاردەیەکی نوێ ، دۆزینەوەی فەزای جیاوازە لەو روانینە ئاسایی و باوانەی بەر لەوان کەوتونەتە بەردەم وەرگر . هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵەی ئەدەبدا بۆ ناسینی دنیا لە وێنەیەکی تردا چەندین کایەی تری ژیاریش کەوتونەتە هەنگاو نان و ناکرێت هەوڵەکانی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم بۆ رەخنەکردنی دۆخی مرۆڤایەتی لەسەردەمی مۆدێرنەدا فەرامۆش بکەین . پۆستمۆدێرنیزم دۆخی گومان و جارێکی دی خوێندنەوەی فەلسەفەی سەردەمی مۆدێرنەی کردە ئامانج ، وەك تەوژمێکی بەهێز کە خودی خۆی لەهەناوی مۆدێرنەوە دێت و نایەوێت لێی جیاببێتەوە . بایەخی پۆستمۆدێرنە لە تەنها کارکردن لەسەر تایبەتمەندییەکانی گوتارێکی دیاریکراوەوە دەگوێزرێتەوە بۆ پانتاییەکی گشتگیرتر بەو مانایەی دۆلۆز دەڵێت (دەمەوێت مێژووی فەلسەفە وەك رۆمانێك بنوسمەوە )    (Deleuz  :1995: 85).

لێرەوەیە کە لە پۆست مۆدێرنەدا لەمپەرەکانی بەردەم جیاکاری و پۆلێنکارییەکانی گوتار دەشکێنرێت و کارکردن لە کایە جیاوازەکانی مەعریفە و ئەدەب و هونەردا لە قۆرخکاری رزگاری دەبێت . بە شێوەیەك کە دەقی ئەدەبی ئامادەییەکی باشی هەیە لە گوتاری پۆستمۆدێرنەدا و فەلسەفەش بەنێو زۆر کایەی ژیاریدا دەگەرێ ، هەر لێرەوەیە دۆلۆز مامەڵە لەگەل ئەدەب و هونەر دەکات و بەتایبەتیش دوو کتێبی گرنگ بۆ سینەما تەرخان دەکات. کەواتە ئەدەبیش دەرگای مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسیارە زۆرەکانی مرۆڤی سەردەمی نوێ بۆ دەکرێتەوە . پرسیار و نیگەرانییەکانی بوون و مانەوە و دواجار پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییەکانی خود دەبێتە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەدەب .

لە نێو ئەو بشێوی و نیگەرانییە زۆرەی دوای مۆدێرنە مرۆڤەکانی سەرگەرمی گەڕان بەشوێن دنیایەك تردا کرد دنیایەك کە لانی کەمی پێویستییە رۆحییەکانی ئەو مرۆڤە دابین بکات ژمارەیەکی باش لە بیریاران و نوسەرانی خستە سەر کەڵکەڵەی گەڕان و دۆزینەوەی پانتایی جیاوازتر . هەر ئەو دەمەی ستایلێکی جیاواز لە ئەدەب لە توخبەکانی ئەمریکای لاتینەوە رێ دەگرێ ، ئەدەبێک کە لە بەشێک لە تێزە رەخنەییەکاندا بە ئەدەبی پاش کۆلۆنیالیزمی نوێ ناودەبرێت . ئەدەبێکە خەریکی تەکاندنی تەپو تۆزی ئەو شەڕانەیە کە کۆلۆنیالیزمی نوێ بە هەژموونی میکانیزمە جیاوازەکانییەوە بە دنیای ئەو مرۆڤانەی دەفرۆشێ کە هێشتا برسێتی مانەوە لەدەرەوەی توخبەکانی ژێر دەستەیی سستمی ئەویان هەیە .لێرەوە  ئیدی دەرگا بەرێ جۆرێك لە گوزارشتی جیاوازدا دەکرێتەوە . ئەو کرانەوەیەی پێتر نێوەندەکانی خۆرئاواشی ناچاری ئەوەکرد مامەڵەیەکی تر لەگەڵ  ئەو ستایلە لە ئەدەبدا بکەن و لەوێوە  رێگا بۆ هونەریش بە فۆرمە جیاوازەکانییەوە کرایەوە تا لەو کایەیەدا جوڵەیەک بەرپا بکات.

دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی ئەو ئەفسونەی ئەدەب لەسەر بەرهەمهێنانی دنیایەکی فەنتازی لەسینەمادا  بە پرسیارگەلێکەوە کە دەشێت هەندێک کۆدی بزر بکاتەوە یەکێك دەبێت لە ئەرکەکانی ئەم توێژینەوەیە  . چونکە گەر ئەدەب جارێکی دی بەرهەمهێنانەوەی ئەزموونی خودی نوسەر بێت بەو زیادکردنانەی جیهانبینی نوسەرەوە بۆ سەر وێناکردنەوەی واقیع ئەوا سینەما وەک جیل دیلۆز وادەبینێ گەلێک لەوە ئاڵۆزترە بەهۆی ئەوەسینەما چالاکی تەکنیکی ئامێرێکە کە توانای بەرهەمهێنانەوەی ئەو  واقیعەی هەیە کە بەوردی و بابەتیانە کاری لەسەر دەکات لەهەمان کاتدا چالاکیەکە بە و ئاراستەیە کاردەکات کە دەرهێنەر دەیخوازێ (:Deleuze 54 :1995 ) .

لەگەڵ ئەوەی فیلم وەک هونەرێکی کۆکەرەوەی رەگەزەکانی تر هەڵی گوزارشتەکانی لە هەندێک دۆخدا فرەترن بەتایبەتی ئەو دەمەی دەنگ وەک رەگەزێکی تەواوی خولقێنەری ئەتمۆسفێر رەهەندی درامی تەواو دەبەخشێتە فیلم ، بەلام ئەدەب و بەتایبەتی رۆمان بەهۆی رەگەزی وەسفەوە جارێکی دی خۆی و تواناکانی لەگەڵ فیلمدا هاوتا دەکاتەوەو دەتوانێ پارسەنگی ئەو کاریگەرییانەی دەنگ بۆ خۆی بدۆزێتەوە . وەسف دەچێتە بونیادی وێنەوەو لەوێوە کاریگەرییەکانی خۆشی بۆ هاوتا بوون لەگەڵ سینەمادا بەگەڕ دەخات ، وەڵێ وێنەی سینەمایی دەتوانێ بیناوێک بە وردەکارییەکانی خۆیەوە بخاتە بەر دیدەی وەرگرەکەی و ئیدی ئەوە واقیعەو دەبینرێ ، بەڵام وەسفی ئەدەب وێنەیەکی ئەندێشەکراو نمایش دەکات بەو ئەفراندنانەی زمان وەک پێکهاتەیەکی گرنگ بەشداری دەکات لە داڕشتنیاندا .

بەدڵنیایی هەوڵ دەدەین خۆمان لەو پرسیارە سانا کرۆنۆلۆجیەی کامیان پێش کامیان کەوتون  ببوێرین و گەرانمان لەشوێن ئەو  تێپەراندنانە بێت کە فلمسازانی دنیا لە پێناو بەدیهێنانی سینەمایەکی ناباودا هەڵیانگرتوە ، سینەمایەک لە نێو ئەفسونی ئەدەبەوە ئەندێشەی دنیایەک دەکات فەنتازی . ئەمە ئەوە ناگەێنێت کە قسە لەسەر کاریگەرییەکانی ئەو جۆرە لەئەدەب نەکەین لەسە  پێکهاتی ئەندێشەی فلمسازان و تەواوی بەرهەمهێنراوەکانیان بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی سروشتی ئەفسونگەراییان بە ئاشکرا  پێوە دەبینرێت . هاوکات ئەزموونی ئەو بەشەی خۆرهەڵات بەسەردەکەینەوە کە دنیای ئەوان خۆی بە جۆرێك لە تەلیسم و ئەفسوون دەروە دراوە .

## ئەفسون ریالیزم :

بەدرێژایی مێژووی ئەدەب هیچ دیاردەیەک هێندی واقیع  مشت و مڕ ئامێز نەبووە . گەران بەشوێن چەمکەکانی ئەودا ژمارەیەک گروپی دۆست و نەیار بەیەکدی دروست کردو بنەماکانی بەرادەیەک تەم و مژاوی کرد کەلێک جیاکردنەوەیان پێویستی بە وردبوونەوەی زیادەتر بێت .

سەرکەوتنی شۆرشی بەلشەفیک لە روسیا و هاتنەگۆڕێی یەکێتی سۆڤیەت پاڵپشتییەکی تری بۆ چەندایەتی کردنی چەمکەکانی ریالیزم پەیدا کردو ئیدی لەوێوە ریالیزمی سوشیالیستی و ریالیزمی رەخنەگرانەو ریالیزمی شۆڕشگێری و چەند چەمکێکی تر هاتنەگۆڕێ . وەڵێ لە لایەک تاڵی ئەو ریاڵە خۆی و سنورداركردنی سروشتی ئینسان و ئازادیەکانی و لەلایەکی تر فرەیی خەیاڵی کەسەکان خۆیان  پەیان بە دەربازی تر برد .

ترادسیۆنەکانی سەرەتای شارستانیەتی نێو مێژووی مرۆڤایەتی و سەرهەڵدانی ئەفسانە وەک شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی ئەو را دێرینەی شتراوس پاڵپشتی گەورەی لێدەکات ، بەشی خۆی چێژی لە نێو یادەوەری مرفەکاندا جێهێشتوە . گەران  بەشوێن ئەلتەرناتیفی  ئەو بوونە بەردەوام و نەگۆڕەی وێنەکانی بە زەق و زۆپی دووبارە دەبوونەوە فاکتەرێکی تری

دۆزینەوەی پانتایی تر بوون بۆ رەهابوونی خەیاڵ ، رەهابوونێک رایەڵەکانی هێشتا بە واقیعەوە بەستراون و لێی دوورنەکەوتونەتەوە .

ئارگومێنتی سەرەتای دەرکەوتنی ریالیزمی ئەفسونی لە نێو دنیای هونەر یان ئەدەبدا لە نێوەندەکانی رەخنەی ئەدەبی و هونەریدا لە مێژە سەریهەڵداوە . هەندێك پێیان وایە بەکۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان ژمارەیەك هونەرمەند لە ئەوروپا ساڵی ١٩١٩ واتە بەر لەسەرهەلدانی سوریالیزم رەوتێکیان هێنایە گۆڕێ کە لە یەکەم دەرکەوتنیدا بە پۆست ئیکسپریشینیزم ( پاش تەعبیریەت) ناسرا و دواتر رەخنەگری ئەلمان نەژاد (فرانز رۆ) زاراوەکەی گۆڕی تا زیاتر لە ریالیزمی نوێ نزیکی بکاتەوە و بۆیەکەمجار زاراوەی ریالیزمی ئەفسونی ساڵی ١٩٢٥ بەکارهێنا . رەوتی دوومیش لەگەڵ رای ئەنجێل فلۆرنسدا کۆکن کە پێی وایە سەرەتاکانی ریالیزمی ئەفسونی لەئەدەبە و سەری هەڵداوەو ساڵی ١٩٣٥ بۆرخیسی ئەرژەنتینی یەکەم هەنگای ناوە و فلۆرەنس ئەدەبی کافکاش بە جۆرێك لە ریالیزمی ئەفسونی ناو دەبات . هەرچەندە ئەو رایە لەلای هەندێك لە رەخنەگرانەوە رەت کرایەوە لە پێشەنگی ئەوانە ( لویس لیل) هـ .

هەنگاوی دووەمی ئەم ڕەوتەش هەر لە ئەمریکای لاتین پەرەدەسێنێ و ئیدی لێرەوە سروشتیی روانین لە تێکست دەگۆڕرێت و گروپێکی دی لە نوسەران دێنە گۆڕێ و ئەوانەی لەژێر کاریگەری چێژەکانی ئەفسانە و ئەو یادەوەریە قاڵبووە بە حکایەت و ترادسیۆنەکانی پێشین دەنووسن. لێرەدا ؛ مارکیز و ئەستۆریاس و ئۆکرێ و ماریۆ ڤارگاس لۆسا دێن و دەروازەکانی دنیایەکی دی لەبەردەم خودی نوسین خۆی و دواتر وەرگریشدا والادەکەن. نەوەیەکی دیش لەدوای ئەم نوسەرانە لەهەمان فۆرمدا کاردەکەن و برەوی زیاتر بەو ستایڵە دەدەن، نموونەی ئیزابیل ئەلیندی (چیلی) ولۆرا ئسکوفیلی مەکسیکی .

دەکات و نە بەرگی ئەفسانەیەکی رووتی لەبەردایە ، کەچی وەرگر دەباتە ئەو ئاستەی باوەڕ بە هەموو ئەو روداوە سەروو سروشتیانە بکات کە رودەدەن.

رۆ دەربارەی ناساندنی ریالیزمی ئەفسونی هەوڵی زۆری داوە دواجار دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ( ریالیزمی ئەفسونی ئەدەبی جادوو نییە ، بەڵکو ریالیزمی ئەفسونی لەسەر گوزارشتکردن لە سۆز راهاتووە نەك بەتەنها وروژاندنی . بۆیە هەوڵی کۆپی کردنی واقیع نادات ، بە هێندی ئەوەی لەو پەنهانە تێدەگات کە لەپشت شتەکانەوە هەناسە دەدات ( Roh:1968:120). ماثیۆ سترێشەر وا پێناسی دەکات کە ( چی ڕوودەدات کاتێک دۆخێکی واقیعی زۆر وردەکار بە شتێکی سەیر و ناباوەڕپێکراو داگیردەکرێت )( Zamora:1995:28) ئەوە تەواو ئەو دۆخەیە کە لەبەردەم ئەو ستایڵە لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری توشمان دەبێت و ئیدی هەندێک لە نوسەران خۆیان فۆرمەکە وا ناودەبەن . هاوکات رۆ زیاتر بڵندی بەو چەمکە دەبەخشێت و پێی وایە کە ریالیزمی ئەفسونی هەوڵدەدات ڕوانینێکی ترمان بۆ ژیان پە ببەخشێت ، مانایەکی قوڵتر ، بۆیە لەئاکامدا دەمانباتە ئاستێک دوور لەتەنها روانین لە بوون ، بەڵکو ئاستێکی بڵندتر کە هەستکردنە بە بوون. لە بەرامبەر ئەوەشدا جاکی کریڤن دێت و دەڵێت ( ریالیزمی ئەفسونی ستایڵێک یان فۆرمێکی ئەدەبی نییە بە هێندی ئەوەی هۆکارێکە بۆ گومانکردن لەسروشتی ئەو واقیعەی لەچواردەورمانە )( Craven:) هاوکات لەگەڵ ئەوەدا لە پێناسەیەکی تردا ئەم ڕەوتە بە کۆمەڵە کشتوکاڵی و ژیانی هۆزە سەرەتاییەکانەوە دەبەسترێتەوە ( ریالیزمی ئەفسونی ئێستا وەک جۆرێک لە ماتەریاڵی گێرانەوەیە کە لەبنچینەدا لە کۆمەڵی جوتیارییەوە وەرگیراوە و بەشێوازێکی ئاڵۆز جیهانی گوندنشینی و ئەفسانەی هۆزەکان وێنا دەکات )( Jameson : 1986 :302) .

ئەوەشی وەک ئەرک لەو قۆناغەی سەرەتایدا بەر رەخنە دەکەوێت ناوانی ئەو دیاردە ئەدەبییەیە بە ریالیزمی ئەفسونی . ئەو شێوازە نوێیە لەئەدەب کە دەتوانێ دەرگای مەزن بەسەرخەیاڵدا بکاتەوەو لێگەڕێ وەرگر سەفەری ئەندێشەیی خۆی بە نێو رێگاکانی هەر دەقێکدا بکات و ئەوەندەی تر وێناکردنەکانی بۆی والاتر بێت . ئیدی ئەفسون ریالیزمی بەرەو شوێنێک برد کە ئەو چوارچێوە کۆنکرێتیەی پێشتری نەمێنێ و خۆی لە چەندەها رەنگ و شێوەی تردا پیشان بدات .

ئەفسون بۆ وێناکردنەوەی ئازادی و دۆزینەوەی پانتایی جیاواز کاری خۆی دەکات بە تایبەتی لەو سەردەمانەی ئازادی لەخەون دەچێت و تان و پۆی بە روونی دیار نییە ، بۆیە ئەدەب لە دەمی گوزارشتە ئەفسونییەکانی خۆیدا ئەوە دوپات دەکاتەوە کە تەلیسمەکانی دەتوانن پێ بنێنە ناوچەی تر ئەو ناوچانەی ئیدی بینینیان بە چاوی حەقیقەت ئاستەمە .

رێکنەکەوتنی زۆرینەی رەخنەگرانی دنیا لەسەر پێناسەیەکی یەکگرتو بۆ ئەم جۆرە لە ئەدەب خۆی نیشانەی ناجێگیری و بەردەوام لە گۆڕاندا بوونەی خودی بەرهەم هاتوەکانە ، بۆ نموونە دنیای مارکیز و بەرهەمەکانی جیاوازن لە و دنیا و سروشتەی خوان رۆلفۆ بنیاتی دەنێت ، روانینەکانی بۆرخیس بۆ وێناکردنی روداو و کاراکتەرلەوانەی ئەستۆریاس ناچێت و بۆیە تۆدۆرۆڤ لە قسەکردنی لەسەر (سەدساڵ تەنیایی) مارکیز بە ئاشکرا لەوە دەدوێت کە ئەوەی مارکیز دەیکات نە واقیع و نەفەنتازیا ، نەخوارفە جلەو

بەشێکی تر لە رەخنەگران دەرکەوتنی ریالیزمی ئەفسونی دەبەستنەوە بە قۆناغی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپاییەوە و وای دەبینن ، بەرچەکرداری ئەو مەینەتیانەیە کە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی بەسەر گەلانی داگیرکراویاندا هێناوەو هەوڵێك بووە بۆ رەتکردنەوەی عەقڵێنییەتی ئەوروپایی سەردەمی مۆدێرنە کە هاوکات سەردەمی پەلهاویشتنی ئەوروپاش بووە بۆ چوارقوڕنەی دنیا .

هاوکات لە هەندێك دۆخد وا دەبینرێت کە گوزارشتکردنێکی تەواوە لەحەقیقەتی جیهانی نوێ و ئاوێتەیەکە لەرەگەزەکانی عەقڵانییەتی شارستانی ئەوروپی و ڕەگەزە نالۆژیکییەکانی ئەمریکایەکی سەرەتایی . بە مانایەکی دی چەندێك بە لۆژیکی عەقڵانییەتی بەرهەمی شارستانێتی ئەوروپایی کاردەکات هێندەش ئالاوەتە ئەو جۆرە لە باوەڕو عەقڵی سەرەتایی ئەمریکای بەرلە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپایی .

دەرکەوتنی یەکەم چاپی ئینگلیزی رۆمانی (سەدساڵ تەنیایی) گابریل گارسیا مارکیز ساڵی ١٩٧٠ ، جۆرێکی تر لە ڕوانینی بۆ ئەوم فۆرمە لە ئەدەب زیادکرد . رۆچوونە ناو رەخنەی سیاسیەوە بووە یەکێکی دی لە سیما دیارەکانی ئەدەبی ئەمریکای لاتین و بەدوای هەنگاوەکانی مارکیزدا کە ئیزابێل ئەلەندی چیلی دەردەکەوێت و ڕوانینی خۆی لەمەڕ ژیانی کۆمەڵێیەتی و سیاسی ئەو رۆژگارەی وڵاتەکەی و ئەمریکای لاتین بەگشتی دەخاتە ڕوو ئیدی

دەرفەتی ئەوە بۆ ڕەخنە دەڕەخسێ کە قسە لەسەر ئەو دیوەی ئەدەبی ریالیزمی ئەفسونیش بکات .

کەواتە بەگشتی دەتوانین بگەینە ئەو ڕایەی ئەدەبی رایالیزمی ئەفسونی ئەدەبی مرۆڤی سەردەمی نوێیە ، بە هەموو ئاڵنگارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ڕۆحیەوە ، جۆرێکە لە بەرگری کردن لەمانەوەی خودێکی ئازاد ، گاهێك داخراو بەسەرخۆیدا و ڕۆچوو بەسەر ناخدا و گاهێکیش کراوە بەسەر دنیادا بۆ رەخنەکردنی دۆخی نالەباری ژیان . ئەوە ئاڵۆزیانەی ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورەکانی بەخۆیەوە بینی و لێکەوتەوەکانی مۆدێرنە و دواتریش پاش مۆدێرنە دەمانباتە ئەو دۆخەی بڕوا بەوە بهێنین کە (ریالیزمی ئەفسونی )کە ئێستا گوێزراوەتەوە بۆ دنیای فیلمیش (دەکرێت وەک ئەڵتەرناتیڤی لۆژیکی گێڕانەوەی سەردەمی پۆست مۆدێرنە تەماشا بکرێت .) ( Jameson : 1986: 302 ) . ئەو گریمانە ئەگەری گەڕانی زیاترامان لەو بەرهەمانەدا بۆ دەڕەخسێنێ کە خۆیان وەک بەرهەمی ئەو سەردەمە پێناسە دەکەن.

**سینەما و فەنتازیا :**

گەر ئەو گریمانەی پێشترمان بۆ هێنانە دنیای نوێ لە ڕێی ئەفسونەوە بۆ ئەدەب دروست بێت ئەوا بۆ سینەما و هونەری فلمسازی تەواوتر دێتە کایە و سینەما کەرەستەکانی خۆی بەگەڕ دەخات بۆ ترازانی سنوورەکانی گوزارشت لەو واقیعەی بەچاو دەبینرێت وەڵێ هەنگاوەکانی بە کەرەستەی تر دەهێنێتە پێش لەژێر کاریگەری ئەو دنیا ئەفسوناوییەی ئەدەبدا.

ئەگەر ئەدەب زمانی گوزارشتەکانی وشە بن ئەوا سینەما بە وێنە مامەڵە دەکات بە تایبەتی لەسەردەمێکدا کە کاریگەری وێنە لە کاریگەرییەکانی وشەی تێپەڕاندووە . هەرچەندە لەسەرەتای سەرەتاوە ئەم هونەر خۆی وەک جۆرێک لەتەلیسم و ئەفسون تەماشای کرا چونکە کاریگەرییەکانی وێنەی جوڵاو لەسەر دەرونی مرۆڤ کردەی ئەفسونێک جێبەجێ دەکەن . سینەما بووە کەرەستەیەك بۆ کەشفکرنی نەبینراوەکانی واقیع و مامەڵەکردنێکی تارادەیەك جیاواز لە هاتنەکایەی کارەکانی ئیکسپرشینیزمی ئەڵمانی و دواتر کارەکانی مۆرناوەوە دەرکەوت . پاشان لەدوای کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهان و خراپییەکانی بارودۆخی ژیان تەوژمی نوێ دێنە پێشێ و کەرەستەی واقیع لە گوازارشتدا دەبەنە ئاستێکی تر. ریالیزمی نوێی ئیتالی لە ساڵانی کۆتایی جەنگدا وەك رەنگدانەوەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی دێتە کایەوە . سینەمایەك جیاواز بیر دەکاتەوە و جیاواز دەگێڕێتەوە. زەمەنی ڕوداو و چیرۆک لەم سینەمایەدا کە بە )ریالیزمی نوێ (ناسرا ئێستایە و لە رابردووی دووردا نیە . فۆکۆسی چیرۆکەکان لەسەر چینی هەژارانە نەک دەوڵەمەندەکان ، کرێکار و مرۆڤی ئاسایی نەک پاڵەوانی ئەفسانەیی و کاراکتەری دوور لە واقیع.زۆربەی دەرهێنەرانەی ریالیزمی نوێ لە باکگراوندی چەپەوە هاتوون بۆیە دەیانەوێت سینەما بکەنە فاکتەری هێنانەکایەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، کێشە و ململانێکانی پاڵەوانی ریالیزمی نوێ لە نێو دۆخی سایکۆلۆجی کاراکتەر دا نغرۆ نین ، بەڵکو بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی کاراکتەرەکان کۆنترۆڵی کێشەکان دەکەن .

کارکردنی ئەم فۆرمە لە سینەما ئارگومێنتی زۆری لەگەڵ خۆی هێناو نێوەندی رەخنەو تیۆرسنانی سینەمای بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد . ئەندرێ بەزان کاری زۆری لەسەر راڤەکردنی ئەم ستایڵە لە کارکەدن کرد و پێی وایە ( لە ریالیزمی نوێدا فۆرمێکی نوێی واقیع هەیە ، واقیع وێنا ناکرێتەوە و بەرهەم ناهێنرێتەوە ، بەڵکو بە ئامانج دەگیرێت . لە بری ئەوەی واقیعێکی لەبەریەك هەڵوەشاو وێنا بکرێتەوە ، ریالیزمی نوێ بەرەو واقیعێك دەروات کە هەڵدەوەشێنرێت و بەبەردەوام گوماناوی و پەنهانە .)(Bazin:2005: 45).

هەر لەدۆخی ئەو ئارگومێنتەدا، دۆلۆز ئەوە دووپات دەکاتەوە کەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دۆزەدا بەو شێوەیە ناکرێت ، بە مانایەکی تر لەسەر ئاستی واقیع هیچ گرنتییەك نییە بۆ ئەوەی سەد دەر سەد و بەکرداری واقیعی ببین ، چونکە ناتوانین لەوە دڵنیا ببین کە بیرکردنەوەو هزر لەو پرۆسەی وێناکردنەوەی واقیعەدا بەشدار نەبوون ، چونکە( وێنە و جوڵە و درککردن و هەڵچوونەکانیش رستێك کردارن لەژێر جەبری ئەو گۆڕانکاریانەدا بەرهەم دێن کە هزر بەرهەمیان دەهێنێت وێنەکانیش بە ئاراستەی دەلالەتی نوێدا دەبرێن و جوڵەش تێدەپەڕێنن)(Deleuze: 2001 :74).

کەواتە بەو مانایە کە ریالیزمی نوێی ئیتالیا مامەڵەی لەگەڵ واقیع کردوە ، هیچ شتێك سەد دەرسەد واقیعی نییە و بەرهەمهاتووەکانیش لەژێر هەژموونی هزری بەرهەمهێنەرەکاندان . بەدڵنیایی ئەو هەنگاوە رێگەخۆشکەربوو بۆ شکاندنی تەلیسمی واقیع لە نێو سینەمادا . لێرەوە ئیدی چەندەها تەوژمی تر دێن و سنور بەرەوە خەیاڵ و گوزارشتی جیاواز لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبرن . ئیتر ، هێدی هێدی ئەو تەمە رەوییەوەو فیلمسازان لە پێناو پێشکەش نەکردنی ناباودا خولیای گەران پەلکێشی کردن . گەران بەنێو دنیایەکی تردا و پێشکەش کردنی جۆرە راڤەکردنێکی تر بۆ واقیعی بینراو . هەڵبەت کاریگەری باکگراوندی کەلتووری لەسەر کەسەکان بەشی خۆی هەژموونی هەیەو ئەو باکگراوندەش بەشێکی لە دنیای بەرینی ئەدەبەوە سەرچاوە دەگرێت .

لە زۆر روانیندا وا تەماشای ئەو پەیوەندییە کراوە کە ئەو هێزەی ئەدەب بەسینەمای دەبەخشێت دەچێتە قاڵبی بەشە ئەدەبییەکەی سینەماوە کە سیناریۆیە، بەڵام ،لە راستیدا و لەسەرکەوتنی ژمارەیەک لە دەرهێنەران ، بە بیرکردنەوەی جیاوازەوە ، ئەم گریمانە گۆڕانی بەسەردا هات .چونکە ئەفسون بوو بە بەشێک لە فۆرمی سینەما بەبێ ئەوەی بەتەنها لایەنە ئەدەبییەکەی بگرێتەوە . ئەفسون تێکەڵاوی دیدی دەرهێنەر بوو ، وێنەکانی بوون بەئەفسونی و ئەتمۆسفیری ئەو ژانرە بە وردەکارییەکانییەوە هاتە نێو سینەماوە .

فلمسازانی نموونەی (ozu)ی ژاپۆنی کە لە هەوڵی بەردەوامدا بووە بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی گێڕانەوەی ئاسایی رووداو بەسەریدا دەسەپێنێ بە یەکێک لە پێشەنگانی دۆزینەوەی پانتایی جیاواز بۆ گوزارشتکردن لە واقیع ئەژمار دەکرێت .

ئۆزو کارکردنی لەسەر پلۆت لە فلمدا شێوازێکی جیاواتر بوو لەوەی پێی دەوترێت مامەڵەی کلاسیکیانە یان سستەمی هۆلیود بۆیە بووە جێی سەرنجی بەشی زۆری رەخنەگرانی سینەما . پۆل شریدەر شێوازی مامەڵەی ئۆزو لەگەڵ چنین دا بەم شێوەیە بەش دەکات :

1-ژیانی رۆژانە : وێناکردنەوەی ووردی بێزارییەکانی ژیانی رۆژانە و دووبارە بوونەوەیان .

-2جیاوازبوون : دابرانی بێگومانی مرۆڤ لە دەوروبەرەکەی کە گەلێک جار
دەگاتە ترۆپک .

3-چەقبەستن : روانینێکی چەقبەستوانە بۆ ژیان کە ناتوانێ دابران چارەسەر بکات
بەڵام تێی دەپەڕێنێت . ) (Schrader :1972)

لێرەوە روانین لەو بەرهەمانەی ئۆزۆ دەمانباتەوە بۆ ئەو دنیا جیاوازەی لە بابەتە ئەدەبیەکانی ریالیزمی ئەفسونیدا دەیبینین ، گوزارشت لەو دۆخانەی بە کەرەستە ساناو تەقلیدییەکان گوزارشتیان لێ ناکرێت بەڵکو ستایڵێکی تر بۆ گوزارشتکردن دەدۆزێتەوە . ئۆزۆ پێی وایە ناکرێت دیمەن و گرتەکانی فلم لێوان لێو بن لە دراما و ئەکشن )کردار (چونکە ئەوانە شیعریەتی ئەو نمایانە دەشێوێنن و وێنەیەکی رووت و زیادرەوانەی واقیع پیشان دەدەنەوە . ئەم شێوازی کارکردنەی ئۆزو بنەماکانی بۆ ئەو پەیوەندییە پتەوەی دەگەڕێتەوە لەگەڵ هونەری ژاپۆنی و نزیکبوونەوەکانی لە سروتەکانی زین بودایزم . ئەو رەوتە ئەندێشەییەی بودایزم رەگێکی پتەوی کارەکانی ئۆزو پێک دەهێنێت و بۆتە سەرەتایەک بۆ دوورکەوتنەوە لە وێنە راستەوخۆکانی واقیع . جگە لەوە کاریگەرییەکانی ئەو هونەرانەی دی کە بەهەمان شێوە زین بودایزم بنەمایانە وەک )شیعری هایکۆ (و شانۆی )نو (بە ئاسانی بە بەرهەمەکانی ئۆزو وە دەناسرێنەوە .

جگە لە ئۆزو لەو بوارەدا دەتوانین ئاماژە بە )برێسن و تارکۆڤسکی و کارل دراێر و مایکل ئەنجیلیۆ ئەنتۆنیۆنی (بکەین کە بە هەمان هەنگاوی ئەو بەرەو خولقاندنی دنیایەکی تر بۆ گوزارشت لەژیان کاردەکەن . لەگەڵ ئەوەی ئەوان لەسەردەمی لێکدی جیاوازدا کاریانکردووە بەڵام نزیکایەتی فەزای کارکردنیان لەیەکەوە دەیانباتەوە سەر هەمان رێگە .

برێسن بۆ دەرچوون لەو شێوازی کلاسیکیانەی گوزارشت نماکانی لە کرداری درامی بەتاڵ دەکاتەوەو بایەخ بە شتە بچوکەکانی نێو ژیان دەدات ، لە نمایەکدا بەتەنها دەستێک دەبینی یان پێی کاراکتەرێک دودڵی و نیگەرانی بەرجەستە دەکات ، بەتەنها دەرخستنی بەژنی کەسێک بەسە بۆ ئەوەی هەڵوێستی کاراکتەرەکە لەبەرامبەر کرداردا دەربکەوێت .. هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە سەرنجی وەرگر بەرەو ئەو شتە بچووک و ناوازانەی ژیان بەرێت کە زۆرجار فەرامۆش دەکرێن .. بەدڵنیایی ئەوانە لە شێوازی کلاسیکیانەی هۆلیوددا ئەوەندە جێی بایەخ نین . گەر ئەو وردەکاریانەی نێو دنیای برێسن لە فەزای گوزارشتی هەر کام لە نوسەرانی ریالیزمی ئەفسونی بەراورد بکەین بە تایبەت لە بایەخدان بەو شتە بچوکە فەرامۆشکراوانەی ژیاندا هێندە نموونە دەدۆزینەوە تا ئەوەندەی بۆ هەموو جۆرە بەراوردێک پراو پڕ و گونجاو بن .

جگە لە برێسن تارکۆڤسکی ناوێکی دیاری ئەو شێوازی کارکردنەیە بەڵام بەمیکانیزمی جیاواز لەوانەی لەوەو بەر بە کاردەهێنێ ، پرۆفیسۆر ئیریک کودسن وا دەبینێ کە( ئەو سروتانەی نێو کارەکانی تارکۆڤسکی کاریگەری باکگراوندی ئایکۆنە تەقلیدیەکانی مەسیحیەتی ئەرسەدۆکسی و شیعر و دیمەنەکانی سروشتی روسیای لەسەرە)( Kundsen : 2002:32) .

تارکۆڤسکی لە هەوڵی وێناکردنی ناوەوەی کاراکتەرەکانیدا بە رستێک کردەی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت  بە دەرخستنی رابردوو ئێستا ، خەون و واقیع بیرکردنەوە و گوزارشت ، ئەندێشەکردنی بەردەوامی دنیایەکی تر، جیاواز لەوەی رۆژانە لەبەردەم کەسەکاندا دووبارە دەبێتەوە . هەڵبەت ئەم کردانەش هەروا سانا گوزەر ناکەن بەبێ خولقاندنی ئەتمۆسفیرێک تا لەخۆیان بگرێت و ئەو ئەتمۆسفیرە ئەفسونیەی هەموو شتەکان لە واقیع باڵاتر دەکات .

فەنتازیا بە مانا تەقلیدییەکەی کە جۆرێک لە سەرسامی بێت و بینەر بخاتە دۆخێکە لەنێوان باوەڕکردن و باوەڕ نەکردندا ، یان بەرهەم هێنانی دنیایەکی خەیاڵی بێت و تێڕامان لە ناوەوەی وەرگردا دروست بکات  و هەندێک جاریش وا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە سروشتێکی منداڵانەی هەیە و هەڵی گەرانەوە بۆ منداڵی و بەئاگاهێنانەوەی منداڵە نوستووەکەی نێو ناخمان دەڕەخسێنێ، لە سینەمادا هەندێک هەنگاوی بۆ نراوە بۆ نمونە (جۆن بۆرمان) ی بریتانی ساڵی ١٩٨١ فیلمی (Excalibur) ی دروست کرد کە نیگەرانی و ترس و سەرسامی نیگەرانییە هەنوکەییەکانی تێدا بەرجەستە کرابوو . پاشان ئەم ستایڵە لەکارکردن بە چەند جۆرێک گەشەی کرد و فیلمە سەرنجبەرەکانی (Lord of the rings) و (Harry Porter) ی لێکەوتەوە ، کە لەبنەچەدا ئەدەب بونیادی ئەو دنیا فەنتازیەیە.

لە بەرامبەر ئەوەدا ئێمە وێڵین بەشوێن جۆرێکی تر لە فیلم ، فۆرمێکی جیاواز لە فەنتازیا کە پێشتر لە ئەدەبدا  وەک فۆرمێکی سەنجبەر ناسیومانە . ئەو جۆرە لە ریالیزمی ئەفسونی کە  ویندی فارس  وەسفی دەکات بەوەی (ئەو جۆرە لە زاڵبوونی واقیعە کە هەندێک رەگەزی تێدایە بەهۆی ئەو ئەفسونەی لەنێویاندایە ناکرێت کورت بکرێنەوە) (Farris :2002: 102) . ریالیزمێک بەو مانایەی بەشێکی دەکەوێتە نێو خەیاڵێکەوە کە جێی باوەری وەرگرە و زۆر لەو وێنەیە دوور نییە کە چاو دەتوانێ لەساتی بەرکەوتنیدا وێنەی بگرێت . هەڵبەتە گەر بمانەوێت شتێک لە ڕابردووی دەرکەوتنی ئەم ستایڵە لە کارکردن تێبگەین سەرەتا بەر ئەو ڕاستییە دەکەوین کە سەرەتای سەرهەڵدانی ریالیزمی ئەفسونی لە سینەمادا گەلێک دوور نییە ، رەگو ڕیشەی ئەم جۆرە لە سینەماش بە هەمان شێوەی فەنتازی  لە نێو ئەدەبدا یە و ئەدەب  ژێدەر یەتی . بەشێک لە رەخنەگران کۆکن لەسەر ئەوەی فیلمی ریالیزمی ئەفسونی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەری هەڵداوە و دەشێت فیلمی  دەرهێنەری فەنزوێلی )(Jacobo Penzo ) بە ناوی ( La casa de agua) و بەرهەمی ساڵی ١٩٨٤ . و فیلمی دەرهێنەری کۆلۆمبی ( Francisco Norden)  بە ناوی ( Condores no entierran todos) و بەرهەمی ساڵی ١٩٨٤. بەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم فۆرمە و لەژێر ئەو ناوەدا دابنرێت .(Jameson:1986:320 ) . هەڵبەت لە دوای ئەم کارانەوە ژمارەیەکی تر لە دەرهێنەران هەوڵیان داوە بەو ڕێچکەیەدا بڕۆن و لە سینەمادا ئەو نێوەندەی نێوان فەنتازیا و ریالیتی بدۆزنەوە و فۆرمێکی سینەمایی بەرهەم بهێنن کەدەتوانێت بە ستایڵێکی جیاواز کار بکات ، ستایلێک دوور لەو وێنە هەمیشە وەستاو و دووبارانەی بینەر بەرەو کەڵکەڵەی جیاواز نابات، بەرهەمێک بێننە ئاراوە کە بتوانێت لە گۆشە نیگای ئەفسونێکی باوەڕ پێکراوەوە مەودای ڕوانین فەراهەم بکات .

جەیمسۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ستایڵە لە فیلم کە وێنەیەکی شیعریانەی واقیع دەخولقێنێ سێ  رەگەزی

سەرەکی بەشداری دەکەن ئەوانیش ، مێژوو ، رەنگ ،و گێڕانەوەن . بۆیە ئەو دەرهێنەرانەی دڵبەندی ئەم ستایڵە لە کارکردنن ، هەوڵی تەواو دەدەن لەسەر ئەم بنەمایانە کار بکەن و تایبەتمەندییەکانی وەک ئەوە جێبەجێ بکەن کە رەخنەو شیکاری فیلم دەستنیشانی دەکەن .

هاوکات لەگەڵ ئەو ستایڵەدا دەتوانین ئاماژە بەهەندێک بەرهەمی تر بکەین کە فۆرمێکی ترن لە ریالیزمی ئەفسونی لە سینەمادا و کارەکانیان جێی باوەڕ بینەرن و لەهەمانکاتیشدا سەرسامی دەکەن و دەیخەنە سەر کەڵکەڵەی خەیاڵێکی فراوانتر لەوەی بەتەنها وێنە راستەقینەکانی ژیان بەرهەمیان دەهێنن . نموونەی فیلمەکانی ( American Beauty 1999) و (Big Fish 2003) و (The Red Violin 1998) .ئەم بەرهەمانە ئاوێتەیەکن لە فانتازیا و ریالتی و جۆرە نێوەندێکی تەواو سەرنجبەر بۆ وەرگر دروست دەکەن ، کە دەتوانێت لە نێو ئەندێشەیەکدا بمێنێتەوە و هەموو ئەوەشی دەیبینێت لەگەڵ ئەوەی سەیرەو جۆرێک لە ئەفسون دەورەی داوە ، بەڵام باوەڕیان پێ دەکات . ئەمە جەوهەری ریالیزمی ئەفسونییە کە لەنێو ڕستەکانی ئەدەبەوە دێت و لە وێنەکانی سینەمادا بەرجەستە دەبێت و لە فۆرمی جیاواز جیاوازدا لە دوای ئەو بەرهەمانەشەوە هەر بەردەوام دەبێت . دەرکەوتنی نوسەرانی نوێی ئەو ستایڵە ، هاوکات سەرهەڵدانی فۆرمی سینەمایی جۆراو جۆر کە دەشێت لە ژێر ئەو کاتاگۆریەدا پۆلێن بکرێن ، دەمانخەنە سەر ئەو بڕوایەی کە تا ئەندێشەی مرۆڤ کارابێت ئەم فۆرمە لە کارکردن ناوەستێت و بەردەوام دەبێت.

## سینەمای سێیەم و خەونی ئەفسوناوی :

چەمکی جیهانی سێیەم چەمکێکی سیاسییە و لە بنەرەتدا بۆ پۆلێنکردنەکانی دوای جەنگی دووەمی جیهاندەگەڕێتەوە .یەکەم بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ لێکۆڵیاری ئابوری و سۆسیۆلۆجستی فەرەنسایی )ئەلفرد سۆفی 1889-(1990دەگەڕێتەوە . وبەو وڵاتانە دەگوترێت کە لەسەردەمی جەنگی ساردا بێ لایەن مانەوە . ئەو وڵاتانە لە فەرهەنگی هەندێک لە دەوڵەتاندا بەوڵاتانی پاشکەوتوو یان تازە پێشکەوتوو ناسراوون . و خۆیان لە 120لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقا پێک دێن کە بنچینەی ئابووریان کشتوکاڵە و هەندێک خاڵی هاوبەشی لە روی بونیادی کۆمەڵی و سیاسی و ئابوورییەوە کۆیان دەکاتەوە .

سینەمای ئەم نەتەوانە زاراوەی سینەمای سێیەمی بۆ بەکاردەهێنرێت ، لەگەڵ ئەوەی ئەم زارەوەیە تارادەیەك وەك شوناسی ئەم ستایڵە لە فیلمی لێهاتووە ، بەڵام بەبەردەوام لە گۆڕاندایە ، چونکە بەرهەمی کەنار و پەراوێزەکانی دنیایە کە خودی خۆیان بەبەردەوام لە گۆڕانکاریدان .

لەمێژە رەخنەگرانی ئەدەب لەسەر ئەوە کۆکن کە دنیای سێیەم نیشتمانی سەرەکی سەرهەڵدانی ئەفسونەکانی ئەدەبە بۆیە رەخنەگرانی سینەماش هەمان هەنگاو هەڵدەگرن و کاریگەرییەکانی ئەدەبی میللی ئەو ناوچانەش بە فاکتەری سەرەکی و کاریگەری خولقانی ئەو ستایڵی کارکردنە دەزانن . هەمان ئەتمۆسفیر کە ئەندێشەی ئەدیبان بە حکایەت و سەربووردە ئەفسوناوییەکان تێر دەکات دەتوانێ ببێتە بونیادی کارکردن بۆ سینەماکاران ، بەواتایەکی تر بونیادی ئەندێشەی ئەدیبان و سینەماکاران لەو زەمینە بەپیتەی حکایەتی میللی و ئەدەبی زارەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو فاکتەرەیە هێندەی تر لێک نزیکیان بە ئاشکرا دەردەخات .

زۆرینەی سینەماکارانی سینەمای سێیەم داکۆکی لەوە دەکەن کە ئەو جۆرە لە سینەما بەتەنها ستایڵێکی کارکردن نییە بەڵکو هەڵگری پەیام و گوتارێکی تایبەتەو هۆکارێکی گرنگ و تەواوی گوزارشتە کە لەچیرۆکەکانی ژیانەوە سەرچاوەدەگرێت و ئەو نەتەوانە خاوەنین کەپێشتر لەسەر نەخشەی ململانێ سیاسییەکان جێگەیەکی ئەوتۆیان نەبووە .

روانین لە ژیانی ئەو نەتەوانەو کەلتووریان چەند بەسانایی ئەو تەلیسمی ئەفسونە بەرجەستە دەکات کە دەبێتە بنەمای کارکردن بۆ ئەدیبان و سینەماکارانیش ، ژیانێک بە تەمی خورافەیەک دەورە دراوە بۆیە هەموو گوزارشت لێکردنێکی ناتوانێت وەک واقیعێکی رووت خۆی دەربخات ئەم گریمانە زۆر بە سانایی لە فلمەکانی سینەمای ئێران دا بەرجەستە دەبێت . بۆ نموونە لە فلمی ( رەنگی خودا) ی مەجید مەجیدی دا سروشت و ژیان هەمان ئەو شتانەن کە لەدەرو بەری کاراکتەرە ئاساییەکانی ژیاندا هەن بەڵام جیهانبینی دەرهێنەر و شێوازی گوزارشتکردن و وێنەکردنی ئەو واقیع و سروشت و ژیانەیە کە بەرگێکی تری جیاوازی پێ دەبەخشێت ، بەرگێک لە ئەفسونەوە نزیکتر . حکایەت و بڕواکانی هەر ناوچەیەکی کاراکتەرەکانی لێ دەژین دەبێتە جۆرێك لە بڕوای جێگیر بۆیان و ژیان و خود و ئایندەیانی لەسەر بونیات دەنێن .

بەهەمان شێوە لە فلمەکانی ( تامی گێلاس ) و ( گەر با لەگەڵ خۆی بمانبات) ی کیاروستەمی دا ئەو دنیایەی ناوەوەی کاراکتەرەکان و کاریگەریان لەسەر واقیعی چۆن دەتوانێت خودی ئەو سروشتەی ژیان بگۆڕێت و ئەتمۆسفیرێک دێتە کایەوە کە ئیدی هەستەکانی وەرگر دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوەو دەتوانێت بەو ئاقارەدا ببیات کە دەرهێنەر دەیخوازێت .

هەڵبەتە ئەو حەقیقەتەش لەبەرچاوە کە ئەدەب بنەمای سەرەکی ئەو بەرهەمانەیە و خودی چیرۆک و کاراکتەرو رووداوو ململانێیە کە هێڵی سەرەکی بەرو پێشچوونی گێڕانەوە لە فلمەکەدا بەرجەستە دەکەن بەڵام بەشی زۆری ئەرک دەکەوێتە ئەستۆی ئەو تەکنیکەی هەموو ئەوانە دەگۆڕێتە وێنەیەکی جوڵاو لەبەردەم وەرگردا ئیدی دواتر دەنگ دێت و بەشی خۆی بەشداری پرۆسێسی گەیاندن و کاریگەری دەکات .

نموونەیەکی دی ئەم جۆرە بەرهەمهاتوانە فلمی (City of God) دەرهێنانی (tia LundaFernando Meirelles and K) کە روانین لێی دەتگەیێنێتە ئەو بڕوایەی توندوتیژییەکانی ژیان ئەوەندە بەرجەستەن خۆلادان لێیان کارێکی ئەستەم و تارادەیەک خەیاڵییە . ئەوەی دەرهێنەرانی ئەم فلمە دەیکەن پیشاندانی واقیعی ژیانی بەرازیلە بەڵام ئەتمۆسفیری ئەو فلمە بەشێوەیەک خولقاوە کە هەست دەکەیت بەشێک لە ئەفسون گەر توێژاڵێکی تەنکیش بێت خۆی بەدەوری تەواوی کارکردنەکەوە مەڵاس داوە ، چونکە باکگراوندی بەرهەمهێنەرانی فلمەکەو شوێنی رووداوەکان لە ئەو شوێنانەی دنیان کە لەناوخۆیاندا ئەفسون هەڵدەگرن . ئەوە رۆدی جانیرۆیە و ئەو منداڵانەش چیرۆکە راستەقینەکانی ژیان بەرجەستە دەکەن بە هەموو توندوتیژییەکانیەوە ئەوان شایەتی ئەو هەموو رووداوەی کوشتن و دزی و دەستدرێژی سێکسی و ئەوانەی ترن ، بۆیە بە زیادکردنی ئەو جیهانبینیەی

شتەکان نمایش دەکاتەوە جیاوازبوونەکان لە واقیعی رووت دەردەکەوێت . واتە ئەوەی ئەو جیاوازبوونە دەنەخشێنێت تەکنیکە سینەماییەکەیە نەک خودی چیرۆکەکان . بۆیە لەم ستایڵی کارکردنەدا ئەدەب شوێنێکی دیاری نییە ، بەڵام هەست بەوەدەکەیت کە باکگراوندی کارەکە و ئەتمۆسفیر بەگشتی ئەو دنیا ئەدەبییەی ئەمریکای لاتین تێدا کار دەکات . زهنیەتی بەرهەمهێنانی ئەم کارە بەو میکانیزمە کاردەکات کە ئەدەبی ئەمریکای لاتینی بەرهەم هێناوە ، لەسەر بنەمایەکی سادە ( ئەوەی ڕودەدات گەرئاسایی نییە ، سروشتییە) .

رەنگە ئەوە خاڵی جیاوازبوونی ئەو جۆرانەی گوزارشت بن لەسینەمای سێیەمدا بە ئاراستەی خولقاندی ئەتمۆسفیرێک کە ئەفسون بنەمای بێت و ئەوەی لە سینەمای ئێراندا رودەدات بەشی زۆری ئەدەب جڵەوگیری دەکات بەڵام لەو نمونەیەی رابردوی سینەمای ئەمریکای لاتیندا تەکنیک . دەتوانین بۆ پشتگیرکردنی ئەو رایەمان پەنا بۆ فلمی ( I am Cuba ) ی دەرهێنەر ( Mikhail Kalatozov)ببەین لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی دەرهێنەرکی بەنەژاد جۆرجییە، بەڵام گوزارشت لە دنیای سێیەم دەکات بە هەموو ماناکانیەوە ، لەم بەرهەمەشدا ئەفسونەکانی کارکردنە سەر وەرگر تەکنیک دەیخولقێنن نەک روداو . چیرۆکی فلمەکە گوزارشتە لەشۆڕش و بەرخودانی گەلی کوبا و ژیان و گوزەرانیان بەڵام تەکنیکەکانی گوزارشت لەو پێکهاتانەی فلمەکە وا دەکات بینەر هەست بکات لەژێر کاریگەری ئەفسونێکدایە کە خەیاڵی دەرهێنەر وێنەکانی دەکێشێت . وەرگری خۆرهەڵاتی و ئەوەی ئەو دنیا ڕاستەقینەیە ژیانی لە ئەمریکای لاتین ئەزموون نەکردووە ، بە گشتی ئەگەری ئەوە هەیە بەشی زۆری ڕوداوەکان و ئەوەی وەك واقیع لەوێدا بەرهەم هاتووە ، بە جۆرێك لەخەیاڵی ئەفسوناوی ببینێت . هەڵبەت کەوتنە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیاش زۆر جار بواری ئەوە دەکاتەوە کە وێنەکانی واقیع وەك خۆی ئەزبەر نەکەین و پێمان وابێت ئەمەی دەیبنین دروستکراوی خەیالێکە فەنتازی. هاوکات کالاتۆزۆڤ بە زمانی سینەما مەدواکانی ئەفسون لەم کارەدا تۆختر دەکاتەوە . گرتەی درێژخایەن کە لە یەکێک لە دیمەنەکاندا زیاتر لە چوار دەقیقە بەبێ بڕین گرتەکە بەردەوام دەبێت ، کامێرای جوڵاو ، بونیادنانی کەشی ئەفسوناوی بە دوانەی دژ بەیەکی ڕوناکی تاریکی ، ڕۆشنایی و سێبەر ، کە ئەوانە تەکنیکەکانی فیلم نویەرن و لەوەو بەریش لە ئیکسپرشینیزمی ئەڵمانیدا بەرهەم هاتوون . ئەمە ئەو بەشەیە کە لە خولقاندنی فەنتازیایەکی وێنەیدا بەر سینەما دەکەوێت و لە خورافە و فەنتازیای ئەدەبی جیا دەکاتەوە .

**دنیای کوردی و ریالیزمی ئەفسونی :**

کورد ، وەك بەشێکی دانەبڕاو لە گەلانی خۆرهەڵات ، کەلتوورێکی دەوڵەمەند بە دیدی خەیاڵی و ئەفسانەیی هەیە . هاوکات چەند ئاین و بڕوایەکی دێرینی لەنێودا هەیە و تا ئێستاش بەردەوامە کە بمانەوێت یان نا ، بڕواکانیان ، دید و ڕوانینیان بۆ سروشت و پێکهاتەکانی ، جیهانبینی ئەوان دەربارەی ژیان و مەرگ ، جۆرێك لە ئەفسون دەوری داوە کە لە فۆرمی ئەو جۆرە ئەدەبەوە نزیکە . بڕوا کۆنەکانی کورد بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە و بڕواهێنانی کورد بەو ئاینە ، باوەڕگەلێکی تێکەڵاو بە ئەفسانەی لە نێو ئەو ئاینانەدا حەشارن کە لە شیکردنەوەیاندا بە سانایی ئەو لایەنانە دەدۆزینەوە . لە سەرەتاکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردییەوە فۆرمی ئەو جۆرە لە ئەفسون دەبینین هەر لە ئەدەبیاتی زارییەوە تا بونیاتی وێنە لای بەشێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی سەلمێنەری ئەو گریمانەن . دواتر لەگەشەکردنی هزری تاکی کورد و سەرهەڵدانی ژانرە ئەدەبییەکانی تر دەرگا لە لێشاوێک لە ئەفسونگەری کرایەوە کە پێکڕا کایەکانی ئەدەب و هونەری بۆ خۆی کەمەند کێش کرد .

گەرلە گریمانەکانی (Jackie Craven ) بۆ بنچینەکانی ریالیزمی ئەفسونی ورد بینەوە دەبینین لەنێو ئەوانەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بیرو باوەڕی ئاینی و ئەو ئەفسونانەی لە دەوروبەری باوەڕەکان کۆدەبنەوە دەبنە ژێدەری ئەم ستایڵە لە ئەدەب ( ریالیزمی ئەفسونی زۆرینەی سیفاتە سەیرەکانی لە فلکلۆر و پەندی ئاینی و هێما و خورافەکانی گەلان وەردەگرێت) Jackie Carven ). :2019)

لەم سۆنگەیەوە ، بەتەنها گەڕانێکی کورت بە نێو مێژووی ئاینە کۆنەکانی کوردستاندا دەمانگەێنێتە ئەو رایەی دنیای کوردیش دنیایەکی سەرشارە لەو جۆرە باوەڕەی دەتوانێت کۆمەکی ئەم سیتایڵە بکات .ڕوانین لە بروا جێی سەرنجەکانی ئەهلی هەق و یارسانەکانی کوردستاندا و وردبوونەوە لە سروتە ئاینەییەکانیان لەوە دڵنایمان دەکات کە ئەو ئاینزایانە پڕن لەو حیکایەتانەی لە ئەفسون نزیکن . چیرۆکی بوون و خەلیقەت ، مردن و گەرانەوە ( دۆنای دۆن) کە بڕوای جێگیری نێو بیرکردنەوەی یارسانەکانە دەتوانین وەک دوو نموونەی گەلێک دیاری ئەو دنیایە وەرگرین . ئەو سروتانە- لەگەڵ ئەوەی شاراوەیە ، لەبەر هەندێک هۆکاری ئاینی_ تەلیسمێک دەوری داون کە جێگەی ئەندێشەن زیاتر لە واقیع دەتوانن ئەو وێنە و نیگارە ئەفسوناویە بەرهەم بهێنن و دەروازەیەک بۆ نوسەران بکەنەوە کە بتوانن سود لە چیرۆک و داستان و ئەتمۆسفیری ئەو سروتانە وەربگرن ، بۆ پاراوکردنی ئەندێشەی خۆیان .

پاشتر و لەپاش گەیشتنی ئاینی ئیسلام بە کوردستان و گۆڕانکاری لە بیروباوەڕدا و بوونی ئیسلام بە ئاینی بەشێکی زۆر لە کوردەواری . ئەم نەتەوەیە هێشتا دەستبەرداری زۆرێک لەو ئەندێشانە نەبوو . بیری ئازادی و یاخی بوونی هەمیشەیی و پەنابردنە بەر دنیایەکەی جیاواز لەو واقیعە باو و جێگیر و دووبارەیەی ژیان ، پەلی پێ دەهاوێت بۆ نێو دنیایەک لە ئەفسونی ئاینی ، جیهانێک باوەڕی بە جۆرێکی تر لە یاخی بوون هەیە و مامەڵە لەگەڵ دووبارەبوونەوەی سروتە رۆژانەکاندا بەتەنها ناکات و پەنا بۆ وزەیەکی شاراوەی نێو رۆح دەبات . باشترین هۆکاریش بۆ گەیشتن بەو خولیایە تەسەوفە .

تەسەفوفی ئیسلامی بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان ،لە سەدەی سێیەمی کۆچی کە دەکاتە سەدەی نۆیەمی زاینی دەست پێدەکات و چەندین رێبەری هەیەو بەسەر چەند رێبازێکی جیاوازدا دابەش بووە ، هەڵبەت ئەو ئارگومێنتەی دەربارەی گەڕانەوەی ڕەسەنی ئەم رێبازانە بۆ سوننە و ئارگومێنتی شیعەگەراکانیش بۆ خاوەندارێتی ئەم ڕێبازە و گەڕاندنەوەی سەرەتاکانی بۆ شێخەکانیان ، توێژینەوەی زۆری دەربارەکراوە ، بەڵام کاری ئەم توێژینەوەیە نییە . بۆیە لەگەڵ ئەو ڕایەدا مامەڵە دەکەم کە تەسەوف بۆ شێخەکانی سوننە دەگەڕێننەوە لەوانە (رێبازی رفاعی کە بۆ ئەحمەد

رفاعی دەگەڕێتەوە ، ڕێبازی قادری  شێخ عبدالقادری گەیلانی ، و ڕێبازی شازلی کە بۆ ئەبی حەسەنی شازلی دەگەڕێتەوە ، ڕێبازی نەقشبەندی شێخ محمەد بەهادینی نەقشبەندی ، و ڕێبازی تیجانی کە بۆ ئەحمەد تیجانی دەگەڕێتەوە .)(  ٢٨٥  :  ٢٠١٧ :الجبراني)

هەڵبەت ئاشکرایە ئەم ڕێبازە بە دوو جۆر بە دنیای کوردی گەیشتوەو دیارترین دوو ڕێبازیش کە گەیشتۆتە کوردستان ڕێبازەکانی (قادری و نەقشبەندییە ) یەکەمیان بە هۆی هاتنی شێخ ئەحمەدی هندی لاهوری بۆ لای مەلا مەحموودی زەنگنە لە هیندستانەوە ، کە دەکاتە باپیرەگەورەی شێخانی تاڵەبانی ، و شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە هۆنراوە بەنێو بانگەکەیدا ئاماژەی بەو مەسەلەیە کردوە کە دەڵێت

وەختی کەخودا حەزبکا بەندەیەکی  خۆی بکات خۆشنوود
لەڕێگەی دوورەوە بۆی دێت بەپێی خۆی شاهیدی مەقسود
لە هیندستانەوە شەش مانگە ڕێ تا خاکی کوردستان
خودا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود ( تاڵەبانی :٢٠١٠ : ٥١)

دووەمیشیان کە ڕێبازی نەقشبەندیە  لەلایەن مەولانا خالیدی نەقشبەندی شارەزووری قەرەداغی یەوە هاتۆتە کوردستان دوای گەڕانەوەی لە سەفەری هیندستان و وەرگرتنی تەریقەت لەسەر دەستی مامۆستاکەی شێخ عبدوڵڵا دەهلەوی  و پاشان گەیاندنی ڕێبازەکە بە شێخانی تەوێڵەو بیارەو بارزان و لەوێوە پەخش بوونەوەی بەسەر کوردستاندا .

هەڵبەتە هەردوو تەریقەتەکە بە سروت و کەشی ئاینی و بڕوای خۆیانەوە پێگەی گەورەیان لە نێو کوردستان و ناوچەکەشدا هەیە و کاریگەریشیان لەسەر دەروونی تاکی کورد و کەلتووری نەتەوەییش جێی سەرنجەو ناکرێت فەرامۆش بکرێت . هەردوو تەریقەت لە ئەدەبیاتی خۆیان و زیکر و تەهلیلەو شەتحاتدا  بەشێوەیەکی بەرچاو لە واقیع دوور دەکەونەوە ، بەڵام هێشتا پێیەکیان هەر لە نێو دنیای ڕیالدا ماوەتەوە ، بۆیە ناکرێت لە ڕوانین بۆ ئەو دنیایەی لە پشت کاراکتەری کوردیەوە کار بۆ تێرکردنی خەیاڵ دەکات ئەم ڕێبازە سوفیگەریانە باس نەکرێن .  هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا کۆمەلێکی تر بڕوای ئاینی هاتونەتە گۆڕێ کە بەشی خۆیان لە تێکەڵاو بوون بەو سروتانە بەردەکەوێت نموونەی باوەڕی بزووتنەوەی حەقە و بەهائییەکانی کوردستان .

پەڕینەوەی ئەو خەیاڵە بۆ دنیای ئەدەب گەر ڕاستەوخۆش نەبووبێت ، ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هزری نەوەی خوێندەواری  کورد کردوە . هاوکات ئاشنا بوون بە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتین ، گەر لەڕێی زمانی گەلانی تریشەوە بووبێت بەشی خۆی کاری لەسەر هزری ئەو نەوەیە کردوەو بەرەو ئەو دنیایە بردوونی . لە سەرەتای هەشتاکانەوە بەتەواوی لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگداوەی هەبووە ، نموونەی دیاری ئەدەبی( شێرزاد حەسەن ) و دواتریش لە دەرکەوتنی ڕۆمانەکانی ( بەختیار عەلی) دا  بەسانایی ، دنیای ئەفسون بەدی دەکەین ، کاراکتەری ئەفسونی ، هزری ئەفسونی ، بونیادی گێرانەوەی ریالیزمی ئەفسونی و ئەتمۆسفیرە سەرنجبەرەکانی ڕوون و ئاشکران .  لە زۆرینەی ڕۆمانەکانی ( بەختیار عەلی) دا گەرانی کاراکتەرەکان بە نێو زەمەنی جیاواز و بە پاڵەوانکردنی پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵ ، ڕۆچوونە نێو هەندێک بابەتی سیاسی  و گێرانەوەیان بە فۆرمێک لە خەیاڵ کە لۆجیکی دەردەکەون  هێماگەلێکن بۆ دەربەست بوونی بەرهەمەکان بە ریالیزمی ئەفسونییەوە .  لەدوای ئەم بەرهەمانەشەوە دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمی بەشێکی باش لە نوسەرانی تر بکەین نموونەی ( ماردین ئیبراهیم ، عەتا محەمەد ، توانا ئەمین ، کاروان کاکەسوور ) کە لە ژمارەیەک لەبەرهەمەکانیاندا دەچنە نێو ئەو دنیایەی خەیاڵ تێیدا سەرداری و ڕوداوەکانیش بە زەینی خوێنەر نامۆ و سەیر دەرناکەون و جێی بڕوان . کەواتە ئەدەبی کوردی ( کرمانجی ناوەڕاست ) بەتایبەتی ، بەشدارییەکی بەرچاوی لەم بوارەدا هەیە و نموونەکانیشی گەلێک دیارن .

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ئەو دیدە ئەفسونییە تاچ ڕادەیەک گوێزراوەتەوە بۆ نێو دنیای هونەر ؟ تا چ ئەندازەیەک هونەر مەندی کورد کاری لەسەر ئەو فۆرم و ژانرە تایبەتە کردوە؟ لە نێو هونەرەکانیشدا فیلمسازی کە بنچینەی مەبەستی ئێمەیە ، تا چەند لەو دنیایە نزیکبۆتەوە ؟

گەڕان بەنێو هونەری کوردیدا لە هونەرەجیاوازەکاندا ڕەنگە هەوڵی دیار ببینین ، بەتایبەتی لە شێوەکاری و شانۆدا .بەڵام ، بۆ سینەما تا رادەیەک ئاڵۆزە بڕیار لەوە بدەین کامە بەرهەم دەتوانێت نمایندەی ریالیزمی ئەفسوونی بکات ؟ گەر بۆ ئەتمۆسفیری ریالیزمی ئەفسونی بگەڕێین ، لە ڕوی پەنهانی چیرۆک و دیارینەکردنی ڕۆڵی پاڵەوان لەسەر بنەمایەکی ئاشکرا ،  و پەنا بردن بۆ جۆرێک لە ئەفسانە و بەشداریکردنی خەیاڵ لەسەر بنەمایەکی جیاواز لەوەی  بینەر چاوەڕوانی دەکات ، دەتوانین ئاماژە بەچەند نموونەیەکی بەرهەمی فیلمسازان بکەین لەوانە (نیوە مانگ ، بەهمەن قوبادی ) لەمە فیلمەدا بونیادی گێڕانەوە تەقلیدی نییە ، زەمەن یاری دەکات و دێت ودەچێت ، هەست بە تەلیسمی خەیاڵ دەکەیت لە دەوری کاراکتەرەکان . ( سرتە لەگەڵ با : شەهرام عەلیدی )  گێرانەوە نائاساییە ، جوڵە لەزەمەندا ، کاراکتەری نامۆ و نزیک لە خەیاڵەوە ، سروتی ئەفسونی و جێبوونەوەی جۆرێک لە باوەڕی نامۆ ، ئەم فیلمە تاڕادەیەک دەبەنە نێو ئەو ستایڵە لەکارکردن . ( کوێستانی قەندیل : تەها کەریمی )  بەخەیاڵیکردنی شوێن ، بوونی بڕوای خورافی و جیاواز لەدەوری  ڕوداوەکان ،  گێرانەوەیەکی نا کرۆنۆلۆجی  و هەندێک بنەمای تر ئەم فیلەمەش لەو دنیای ئەفسونە نزیک دەکەنەوە ، لەگەڵ ئەوەی لە فۆرمدا سروشتی و ریالیزمیانە دەردەکەوێت ، بەڵام ناوەڕۆک و مامەڵە لەگەڵ بابەتدا دەیخاتە نێو قاڵبی ریالیزمی ئەفسونییەوە .

ئەم ئەزموونانە گەر وەک نموونەی دیاری ئەو فۆرمە لە کارکردن وەربگرین بە سانایی لەوە تێدەگەین کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم جۆرە بەرگوزارکردنە ئەندێشەی بەرهەمهێنەر ( دەرهێنەرەکەیە) ، چونکە سەرجەمی ئەو کارانە خودی دەرهێنەرەکان خۆیان نوسەری سیناریۆکانن . واتە ئەدەب وەک کایەکەی جیاواز نەهاتۆتە نێو کارەکەوە ، بەڵکو هەمان دیدی وێنەگەرایی سینەمایە ئەو جۆرە لە ئەتمۆسفیری خولقاندووە .

ساناترین وردبوونەوە لەوەمان دڵنیا دەکات کە بۆشایی و دابرانێک لەنێوان ئەو دنیا فراوانەی ئەدەبی کوردی و هەوڵەکانی فیلمسازیدا هەیە و ئەدیبانی کورد کە خاوەنی خەیاڵێکی فراوانن و دەتوانن بەو جۆرە کەرەستانە بەشداری بونیاتنانی سینەمایەکی جیاواز بکەن خۆیان لەو دنیایە بەدوور

گرتوە . فیلمسازانیش هێندەی بە خەیاڵی خۆیان قایلن پێنانێنە نێو دنیای ئەدەب و بۆخۆیان بە پرسیار و هزری خۆیانەوە لە نێو دنیا تایبەتییەکای خۆیاندا کاردەکان و کەمتر دەست بۆ ئەدەبی کوردی دەبەن . ڕەنگە ئەو ستایڵی کارانەی وەک نموونە لەم توێژینەوەیەدا باسکران بوبێتنە ژێدەر بۆ خەیاڵی فیلمسازان ، بەڵام وەک تێکستی بونیاتنانی سیناریۆ مامەڵەیەن لەگەڵ نەکراوە .

هەڵبەت بەشێکی ئەو دابڕانە بۆ نزمی توانای تەکنیکی بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە کە بەبەردەوام فیلمساز هەست دەکات بەو ئاستەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو خەیاڵە فراوانەی نێو رایالیزمی ئەفسونی جۆرێکە لەمەحاڵ چونکە ئەو ئەتمۆسفیرە پێویستی بە چەندەها جۆر کارکردنی سپێشەڵ ئیفێکت هەیە ، کە لانی کەمی لە کوردستاندا دەست ناکەوێت و دروستکردنی تەنها ئەو دیمەنانەش لە ستۆدیۆی پرۆفێشناڵی ولاتانی تریشدا بودجەی خەیاڵی پێویستە . بۆیە تاپێی بکرێت خۆی سەرقاڵی جۆرێک لەبەرهەم دەکات کە توانای بەسەریدا بشکێت ، ئەم ترسەش خەیاڵ سنوردار دەکات و وا دەکات هەوڵ نەدات پەل بۆ پانتایی جیاوازتر بهاوێت . لەلایەکی ترەوە نەبوونی متمانە لەلای ئەدەبی کورد بە تواناکانی فیلمسازانی کورد و بوونی هەندێک ئەزموونی ناسەرکەوتوو _ وەک ئەو ئەزموونەی بەشێک لەڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی کە حوسەین سێودین ، بەرهەمی هێنابوو _ لەو کارەدا خەیاڵ و سروشتی ئەفسوناوی نێو ڕۆمانەکە ڕاڤەیەکی واقیعی جیاوازتر و کەم ئاستتری لە خودی ڕۆمانەکە بۆ کرابوو . ئەم ئەزموونە نەک هەر بەختیاری توشی دڵگرانی و نائومێدی کرد ، بەڵکو دۆخێکی ناتەندروستیشی لە نێو زەینی نوسەرانی کورددا خولقاند . بۆیە نوسەرانی کورد ناتوانن لەو توانایانە دڵنیا بن کە لە بەردەستدان تا بیر لەوە بکەنەوە ئەزموونی نوسینی سیناریۆ بکەن وەک ئەوەی نوسەرانی ئەمریکای لاتیین نموونەی مارکیز کاری لەسەر دەکەن . دروست نەبوونی ئەو پەیوەندییەش بەشی خۆی کاریگەری لەسەر نێوەندی فیلسازی کوردی جێهێشتوەو تا ئێستا بەوشێوەیەی پێویستە هەوڵ نەدراوە ئەو بارە نادروستە راستبکرێتەوە . دروستتر هیچ زەمینەیەک بۆ بونیاتنانی ئەو پەیوەندییە نەرەخساوە ، کە خۆی لە دەرکەوتنی توانای ناوازەی بەرهەمهێنان و تەکنیکی بەهێزی بەوێنەکردنی چیرۆک و دروستکردنی فۆرمێکی سینەمایی کە خاوەنی شوناسێکی دیار بێت و لانی کەمی دڵنیایی بە نوسەرانی کورد ببەخشێت ، تا لە دروستکردن و توندکردنی ئەو پەیوەندییە سڵ نەکەنەوە . ڕەنگە سەرەتاکانی هیوایەک لە ئاسۆ دەرکەوتبێت ، ئەویش بە دامەزراندنی بەشێکی تایبەتی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی بەناوی بەشی فیلمسازی بەڵام ناکرێت هەموو هیواکان لەسەر یەک راستەهێل بڕۆن و هەوڵی دۆزینەوەی دەرفەتی تر نەدرێت . لەلایەک فیلمسازی کورد پێویستی بە گەشەدان بە تواناکانی خۆی هەیە تا متمانەی نوسەرانی ریالیزمی ئەفسونی یان شارەزایانی ئەو بوارە بەدەست بهێنێت و لەلایەکی دی نوسەرانیش پێویستیان بە جۆرێک لەڕۆچونە بۆ نێو روناکبیرییەکی سینەمایی کە هانیان دەدات لەو دنیا ئەفسونییە نزیک ببنەوە . ئەو پرۆسەیە دەتوانێت ماوەی دووری نێوان ئەفسونە سەرمەدییەکانی نێو دنیای ئەدەب و فەنتازیای سینەما کورت بکاتەوە و لە ئاوێتە بونیاندا بەرهەمێکی داهێنەرانەی سەرنجبەر بێتە کایەوە .

بەشداری ئەم جۆرە لە فۆرم لە گەیاندنی کەلتووری نەتەوەییدا و لەم سەردەمەدا کە سەردەمی کاڵ بوونەوەی ماناکانی تایبەتمەندییە قورساییەکی گەلێک گەورەی دەداتێ و وا دەکات هەموو ئەو نەتەوانەی دەیانەوێت بە شوناسە کەلتووریەکەیانەوە پێ بنێنە دنیاوە هانای بۆ بەرن . کوردیش وەک نەتەوەیەک کە ساڵانێکی زۆر لەنێو فەرامۆشیدا ژیاوە ئەم دەرفەتەی لەبەردەستدایە تا بتوانێت پێگەیەک بۆ خۆی لەنێو بیرکردنەوەو سەرنجی ئەوانی تردا فەراهەم بکات .

**پایان و دەرئەنجام :**

بەشێکی گەورەی ئەزموونی دنیای سینەما ستایڵی هاوشێوەو نزیکی ئەوەیان تێدایە کە ئێمە وەک نموونەی نزیک بوونەوە لە ئەفسون ناویان دەبەین . یان بە شێوازێک لە شێوازەکان بنەماکانی بەرجەستە بوونی ئەفسونیان تێدا بەدی دەکرێت . ئیدی ئەو هاوشێوە بوونە لە ستایڵی چیرۆک و گێڕانەوەدا یان لە تەکنیکی بەرهەم هێناندا بێت . بۆ ئەمەش تەوژمی ریالیزمی نوێی ئیتالی باشترین نموونەیە کارەکانی (ئەنتۆنیۆنی و فیسکۆنتی و پازۆلینی و تۆرناتۆری) دنیایەکن لە خەونەوە نزیکترین وەک لە واقیع. لەگەڵ ئەوەی چیرۆکەکان واقعین و سروشتی کارکردنەکەش بە یاساکانی وێنەکردنی واقیع کارکە دەکەن، وەلێ تەکنیکی کارەکان و بینایی ئەوانەی لەپشتی ئەو کارانەوەن جۆرێکە لە واقیع باڵاتر . جگە لەوان دەکرێت ئاماژە بەکارکردنی (ئەمیر کۆستاریکا) و (میشێل هانکە) بکەین کە ئەوانیش بە گیانی باڵابوون و دوورکەوتنەوە لە پیشاندانی ئەوەی هەیە کاردەکەن و لەگێڕانەوەدا ستایڵی کلاسیکیانەی هۆلیوود دەبەزێنن و ئەڵتەرناتیفی تر بۆ گوزارشتەکانیان دەدۆزنەوە .

لێرەوە دەشێت جەخت لەو دۆخە بکەینەوە کە ئەدەب چەندێک بەکوچەکانی فەنتازیادا گوزەر دەکات ،سینەماش هێند بەیاسا و ڕێساکانی ئەفسونەوە بەندەو گەلێک جار ئەویان دەبێتە ئەلتەرناتیفی ئەوی دی و هەندێک جاریش بەشێوەیەک ئاوێتە دەبن کە ئیدی لێک جیاکردنەوەیان گرانە .

ئەوەی سەرەوە تەنها گریمانێکەو بێگومان سروشتێکی رەها نییەو رەنگە لەزۆر جاردا و لەبەردەم هەندێک ئەزموندا بەرگە نەگرێ و لەبەریەک هەڵوەشێ ، بەڵام تەنها حەقیقەتێک کە نکوڵی لێکردنی ئەستەمە ئەوەیە هەردوو دیاردە ژیارییەکە بێ ئەو سیفاتانەی ئەفسون و فەنتازیا هێند با و و سادە دەبنەوە کەئیدی نابنە جێی سەرنجی وەرگرو جێیەک لە زەینیدا داگیر ناکەن .

ئەو دۆخەی دنیای کوردی لەسەر بونیاتنراوە بە خۆی و سروشتی ئەو کەلتورەی بۆتە بەشێک لە شوناسی ، دەرفەتی باشی لەبەردەمدا والا دەکات، چ لەرێی ئەو ستایڵە لە ئەدەب کە پاشخانەکەی دێرینە و لەنێو رابردووەوە سەرچاوە دەگرێت و دەتوانێت لەلایەک لەڕێی ئەدەبی زاری و باوەڕە جیاوازەکانی خەڵکەوە ، بوارێک بۆ فۆرمێک لەسینەما بدۆزێتەوە کە بەرهەمەکانی سەرنجبەرتر بکات ، یان لەلایەکی ترەوە لەنێو ئەدەبی نوسراودا هێند کەرەستەی هەیە کە لانی کەم لەنێو فەرهەنگی ناوچەکەدا بواری سەرهەڵدانێکی پێ ببەخشێت .

کێشەی دیاری تەواو سەرهەڵنەدانی ئەو دۆخە ، نەدۆزینەوەی فۆرمێکی سینەمایی چوارچێوە بۆ داڕێژراوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئەندێشەیەی کە لەگەڵ خۆی ئەفسونی ئەدەب دەهێنێت و پێویستی بە سروشتی فەنتازی و

ئەفسونی سینەمایە، کە تەواوی ئەو نوسراوە بگۆڕێتە وێنەیەک بینەر تێکەڵاوی بونیادی گێڕانەوەیەک بکات، کە سەرسام و سەراسیمەی دەکات و تەواوی ئەو گوتارەی وێنە بەرهەمی دەهێنێت لەڕێی ئەو پردی پەیوەندییەوە بۆی بگوێزرێتەوە . هەڵبەتە ئەم فۆرمە لە کاتێکدا دروست دەبێت کە هەردوو رەگەزی ئەکادیما و تێگەیشتنی زانستیانە لە بونیادی ستایلی سینەما و فۆرمی سینەما فەراهەم ببێت . هاوکات ئەندێشەیەکی ئەفرێنەرانەش ئامادەیی هەبێت تا ببێتە ژێدەری بەرجەستەبوونی ئەو بەرهەمهاتووە .

هەموو ئەو هەوڵانەی پێشتر لە نێو ئەم کایەیەدا کاریان کردوە ، لەوەیان نەکۆڵیوەتەوە کە دەشێت بنەمای ئەدەبێکی زاری وەک ئەوەی لە حکایەتە میلیییەکان یان لاوک و حەیران و بەیت و بالۆرەکاندا هەن ، دەتوانن ببنە ژێدەری لانی کەمی خەیاڵێکی ئەفسونی بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەک جیاواز. دنیای کوردی دنیایەکی تژیە لەو جۆرە ئەندێشانەی بنەمایەکی فەنتازیان هەیەو دەتوانن بەبارتەقای خۆیان هەوێنی دەیەها بەرهەمی ناوازەبن . چاو خشاندنێک بە ( توحفەی موزەفەرییەی ) ئۆسکارمان ، لەوە دڵنیامان دەکات چەند جۆرێک لە ئەدەبی زاری هەن کە دەشێت ببنە بنەمای فۆرمێکی جیاواز لە ئەدەب و هونەر . هاوکات باوەڕە دێرینەکان و ئەو سروتانەی تا ڕادەیەکی زۆر سروشتی نمایشیان تێدایە نموونەی سروتە ئایینییەکانی یارسان و ئێزیدییەکان ، لە بنەڕەتدا کەرەستەی دەوڵەمەندن بۆ هێنانە گۆڕێی ئەتمۆسفیرێک کە فەنتازیا بە جۆرێک لە جۆرەکان ساناترین ، بەڵام جوانترین یاریان لەنێودا بکات .

هاندانی فیلمسازی کورد بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو کەرەستانەی دەتوانن کەلتوور لەگەڵ خۆیان بگوێزنەوە ئەرکێکە لە ئەستۆی دامەزراوە هونەری و کەلتوورییەکانی دەوڵەت لەلایەک و فیلمساز لەلایەکی تر کە دەتوانێت کەمێک بۆ دۆزینەوەی پنتێکی جێگیر بەڵام بەهێز بۆ گێڕانەوەیەکی سەرنجبەر ماندوو ببێت . ئەو گەر لامسەلایی و بێ هیچ بایەخێکی ئەوتۆ لەو کەلتوورە بڕوانێت ئەوسا بەرپرسە لەوەی کە ئەوەی دەیکات بکەوێتە نێو فەرامۆشییەوە . دەیان و سەدان فیلمساز لە دنیادا بوون و هەن و بەم رۆژگارەش دروست دەبن ، بەڵام کەمێکی کەمیان دەتوانن بە نەمری بمێننەوە و جێ دەستیان بەو نێوەندەوە دیار بێت .

تەکنیک بنەمایەکی گرنگی سینەمایە بۆیە لە هەر هەوڵدانێکیدا بۆ دۆزینەوەی هێڵێکی نوێ ، یان داهێنانێکی نوێ لەو تایبەتمەندییەی سینەمادا دەرفەتی زیاتر دەکاتەوە بۆ گواستنەوەی ئەو ستایلە لە ئەدەب کە دەشێت دەرگای ئەفسون والا بکات . ئەوەی لەبەردەم سینەماکاری کورددا بۆتە گرفتێکی گەورەو هێشتا بەو جۆرە تەکنیکی سینەما ناناسێت تا لەو لەمپەرانە دەربازی بکات ، کە لە خودی پرۆسەی وێناکردندا دێنە بەردەمی . پرۆسەیەک کە چەندێک لەنێو زەیندا کار دەکات بۆ گۆڕینی نوسراو بۆ بیناو هێندەش پێویستی بە شارەزایی تەکنیکی هەیە تا وێنەیەک بەرهەم بهێنێت بتوانێ تەواوی ئەو ئەندێشەیەی تێدا جێگا بکاتەوە . بۆیە ئەرکێکی دی لێرەوە بۆ فیلمساز زیاد دەبێت کە لە پێناو گەیشتن بەو تەکنیکە دەبێت هەوڵێک بدات کە هەردوو ئاستەکانی (هەستی بینایی ) و (هۆشیاری بینایی ) بە شێوەیەک پەرە پێ بدات کە ئەکتیڤانە کار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی وێنەدا بکەن و دواتر تەکنیک بخەنە ژێر کۆنترۆڵی ئەو هێزەی زەینی خۆیان بەرهەمهێنەرێتی .

## سەرچاوەکان :


- Bazin, A. (2005) What is Cinema? Vol. 1. (Gray, H. Trans.) California: University o f California Press.
- Craven ‹Jackie. Introduction to Magical Realism Daily life turns magical in these books and stories. Retrieved from https://www.thoughtco.com/magical-realism-definition-and-examples-4153362.

- Deleuze ‹G. (1995) Negotiation 1972-1990. Translated by : Martin Joughin. Colombia University Press.New York .
- Deleuze, G.(2001 ) Cinema 1 The Movement-Image. Translated by Hugh Tomlinson and Barbara H abberjam. University of Minnesota Press Mmneapolis.

-Farris, Wendy B. 2002. The Question of the Other: Cultural Critiques of Magical Realism. Janus Head vol. 5. no. 2: 101–119.

-Jameson , Fredric (1986) . On Magic Realism in Film . Critical Inquiry, Vol. 12, No. 2 (Winter, 1986), pp. 301-325 Published by: The University of Chicago Press.

- Kundsen ‹E. 2002 Practice ‹The Dispassionate Mirror. Towards aTranscendental Narrative Film .University of ‹ Salford
- -Roh, Franz (1968). German Art in the 20th Century. Greenwich, Connecticut: New York Graphic Society.

- Schrader ,P ( 1972) .Transcendental Style in Film: Ozu ‹BressonDreyer‹ . DaCapo, NewYork.

- Zamora, Lois Parkinson; Faris, Wendy B., eds. (1995). Magical Realism: Theory, History, Community. Durham and London: Duke University Press.


## المصادر العربية :


- هارفي ، ديفيد ( ٢٠٠٥ ) حالةمابعدالحداثة: بحث في أصول التغيير الثقافي . ترجمه محمد شيا. مركز دراسات الوحده العربيه . بيروت .

-فرويد ، سيكموند ( ١٩٧٧) قلق في الحضارة، ترجمة جورج طرابيشي .دارالطليعة، بيروت

- سبيلا ،محمد ( ٢٠٠٦) الحداثة و انتقاداتها ، دارتوبقال، الدارالبيضاء.

- الجبراني ، د. حسين إبراهيم. ( 2017) الرحلات العلمية بين مصر والمشرق الإسلامي في العصر المملوكي الأول، دار غيداء للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى.


## سەرچاوە بە زمانی کوردی :


- تاڵەبانی ، شێخ رەزا (٢٠١٠) . دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانی . ساغکردنەوە و شەرحی : شکور مستەفا. چاپی دووەم .دەزگای ئاراس .هەولێر.

Between the magic of the literature and the fantasy of cinema
An attempt to analysing the major elements and the representation of the Kurds' world

Dr.Dilshad Mustafa
College of Fine Arts, University of Sulaimani, Kurdistan Region

**Abstract:**
From the beginnings of his appearance, magical realism is considered a problematic style and his accurate knowledge as a literary style or artistic form has become among the interests of the academic community. Thus, working to merely define this ambiguous term is not easy work, especially after entering the world of cinema and collaborating it with the nations' cinema. It is considered by a group of critics and researchers, Latin America and the East as basic nation for folk tales, faith in the invisible world and mixing with some beliefs such as those found in the Eest and the survival of some ancient religious customs and traditions, which became a justification as a fertile ground for the birth and development of that literary form.

The homeland of the Kurds (Kurdistan) as sensitive part of that magical East has its place in that pattern. Therefore, this research can work to analyse the numerous situations of the relationship between supernatural literature and Kurdish cinema. This study tries to search deeply for the purpose of producing a radical vision about that fundamental relationship and analysing the Kurdish world and its components that can be taken to formulate a cinematic vision that provides an atmosphere of fantasy that shifts it close to magical realism literature.
This research remains a systematic attempt to explore the ambiguous space between the magic of literature, and the fantasy that could produce by cinema, by analysing the medium that can transform literature into cinema, or the possibility of sharing oral literature encapsulated with a touch magic in building a cinematic fantasy that differs from pure and familiar reality. And taking into account the benefit of the rituals that fall into the classifications of religion and social heritage, is it possible to observe a distinctive and attractive type of expression, that can work on both structures, Literature as a product of written language and cinema as a visual space.

Key words: fantasy, magical literature, cinema, Kurdish world, realism.